بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (١٠٥) لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢٦) ساڵی ١٩٨٠ ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :

# ڕێنمایی ژمارە ( ٣ ) ی ساڵی ٢٠١٨

# تایبەت بە سەنتەرەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لە هەرێمی کوردستان- عێراق

## ماددەی (١)

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ، واتاکانی بەرامبەریانە لەم ڕێنماییە:

**یەکەم :** هەرێم : هەرێمی کوردستان _ عێراق.

**دووەم :** وەزارەت : وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

**سێیەم :** وەزیر : وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

**چوارەم :** بەڕێوەبەرایەتی گشتی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ئیدارە و پارێزگاکانی هەرێم.

**پێنجەم :** بەڕێوەبەرایەتی : بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کەمئەندامان لە ئیدارە و پارێزگاکانی هەرێم


Email: info@molsa-krg.com
Site: www.molsa-krg.com
ناونیشان: هەولێر – بەرامبەر (کتێبخانەی گشتی کۆن)- ژمارەی بەدالە (0662231015 -0662231014)
العنوان : أربيل- مقابل المكتبة العامة القديم – رقم البدالة (0662231015-0662231014)

**شەشەم :** بەڕێوەبەر : بەڕێوەبەری چاودێری کەمئەندامان لە ئیدارە وپارێزگاکانی هەرێم

**حەوتەم :** سەنتەر : سەنتەری شیاندن و ڕاهێنان و فێرکردنی منداڵانی شەبەنگی ئۆتیزم .

**هەشتەم :** شەبەنگی ئۆتیزم : بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لە تێکچوونی گەشەی مێشك کە کاردەکاتە سەر کارو چالاکی وفەرمانەکانی مێشك و لە دەرکەوتەکانیدا لە (١٨) هەژدە مانگی یەکەمی تەمەن هەستی پێدەکرێت و کاردەکاتە سەر ئەم ڕەفتار و دەرهاویشتانەی خوارەوە:

- **أ-** نەبوون یان لاوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی .
- **ب-** نەبوون یان لاوازی پەیوەندی زارەکی و نازارەکی
- **ت-** بوونی ڕەفتاری دووبارە و یەکرێچکە .

**ماددەی (٢) ئامانج:**

دابینکردن و مسۆگەرکردنی مافی منداڵانی شەبەنگی ئۆتیزم و گرتنەبەری هەموو ڕێککارێك کە دەبێتە هۆی شیاندن وراهێنان و فێرکردن و تێکەڵ بوونیان بە ژیانی ئاسایی کۆمەڵگا .

**ماددەی (٣)**

وەزارەت هەڵدەستێت بە:

**یەکەم :** کردنەوەی سەنتەرەکانی ئۆتیزم لەسەر ئاستی هەرێم .

**دووەم :** پێدانی مۆڵەت بە کەسی ئاسایی و مەعنەوی بۆ کردنەوەی سەنتەری ئۆتیزمی تایبەت و سەرپەرشتی کردنی.

**مادەی(٤)**

**یەکەم :** وەزیر یان ئەو کەسەی دەسەڵاتی لە لایەن وەزیرەوە پێ دەدرێت، دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەت و سەندنەوەی هەیە لە سەنتەرەکانی کەرتی تایبەت .



Email: info@molsa-krg.com
Site: www.molsa-krg.com
**ناونیشان:** هەولێر – بەرامبەر (کتێبخانەی گشتی کۆن)- ژمارەی بەدالە (0662231015 -0662231014)
**العنوان :** أربيل- مقابل المكتبة العامة القديم – رقم البدالة (0662231015-0662231014)

**دووەم :** ماوەی مۆڵەت (١) یەك ساڵە و لەسەرداوای خاوەن سەنتەرەكە نوێ دەكرێتەوەو، پێویستە بەلایەنی كەم پێش مانگێك داواكە پێشكەش بكات.

**سێیەم:** لەكاتی كردنەوەی لقی نوێی سەنتەرێكی مۆلەت پێدراو ، مۆڵەتی نوێی پێویستە.

**ماددەی (٥)**

لە هەر پارێزگایەك و ئیدارەیەكی سەربەخۆی هەرێم ، لیژنەیەكی هونەری پێكدێت لەبواری كۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردەیی بەفەرمانی بەڕێوەبەری گشتی بۆ دیراسەكردنی داواكاری وەرگرتنی مۆڵەتی كردنەوەی سەنتەری كەرتی تایبەت و دڵنیابوون لە هەبوونی مەرجەكان و، سەرپەرشتی و بەدواداچوون لەمیانەی پشكنینی مەیدانی.

**ماددەی (٦) وەرگرتنی مۆڵەت**

**یەكەم : مەرجەكانی پێویست لەداواكار :**

**أ-** خاوەن رەگەزنامەی عێراقی بێت.

**ب-** پسپۆری هەبێت لە بواری پەروەردەی تایبەت، یان پابەند بێت بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرێكی پسپۆر.

**ت-** فەرمانبەری میری نەبێت.

**ث-** رەوشتی باش بێت و حوكم نەدرابێت بە هیچ سزایەكی بەدرەوشتی.

**دووەم : بەڵگەنامەی پێویست بۆ وەرگرتنی مۆڵەت:**

**أ-** وێنەیەك لە كۆپی ناسنامە یان كارتی نیشتمانی.

**ب-** وێنەیەك لە بڕوانامەكەی خۆی یان بەڕێوەبەر.

**ت-** هێنانی ئەستۆپاكی لەبەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری كۆمەڵایەتی.

**ث-** وێنەیەك لە بەڵگەنامەی مۆڵەتی كارەكانی پێشووی لەهەمان بوار (ئەگەر هەبوو).

**ج-** هاوپێچ كردنی بەرنامەی كاری سەنتەر كە تیاییدا پەیام و ئامانج و دیدی سەنتەری تێدابێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ.



Email: info@molsa-krg.com
Site: www.molsa-krg.com
**ناونیشان:** هەولێر – بەرامبەر (كتێبخانەی گشتی كۆن)- ژمارەی بەداڵە (0662231015 -0662231014)
**العنوان :** أربيل- مقابل المكتبة العامة القديم – رقم البدالة (0662231015-0662231014)

ح-	وێنەیەك لە بەرنامەو پلانی راهێنان و شیاندنی منداڵان.

خ-	ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ و لایەنی پەیوەندیدار.

**سێیەم :** بەڵێن بدات بە پابەندبوونی بە ڕێنماییەكانی كردنەوەی سەنتەر.

**ماددەی (٧)**

ئەم بڕە پارانەی خوارەوە  وەردەگیرێت بۆ پێدانی مۆڵەت و نوێكردنەوە.

**یەكەم :** بڕی (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار بۆ پێدانی مۆڵەت .

**دووەم:** بڕی (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار بۆ نوێكردنەوەی مۆڵەت.

**ماددەی(٨) كرێی وەرگرتن و خزمەتگوزاری:**

كرێی وەرگرتن و خزمەتگوزاریەكان لە سەنتەركان لەلایەن خاوەنی سەنتەرەكان دەستنیشان دەكرێت ولەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت لەسەر راسپاردەی لێژنە لەسەر بنەمای جۆری باڵەخانەكە و كرێكارەكانی و گشت ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشكەش بەمنداڵەكان دەكرێن بەمەرجێك بارگرانی زۆر نەكەوێتە سەر شانی كەسوكار وسەرپەرشتیاری منداڵەكان.

**مادەی (٩) لێژنەی هونەری :**

وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی لیژنەیەكی هونەری هاوبەش لە هەر ئیدارە وپارێزگایەك بۆ دەستنیشان كردنی منداڵی شەبەنگی ئۆتیزم پێكدێنێت لە:

**أ-**	پزیشكی دەروونی پسپۆر.

**ب-**پزیشكی پسپۆری دەمار.

**ت-**پزیشكی پسپۆری منداڵان .

**ث-**توێژەری دەروونی .

**ج-**	توێژەری كۆمەڵایەتی .



Email: info@molsa-krg.com
Site: www.molsa-krg.com
**ناونیشان:** هەولێر – بەرامبەر (كتێبخانەی گشتی كۆن)- ژمارەی بەدالە (0662231015 -0662231014)
**العنوان :** أربیل- مقابل المكتبة العامة القدیم – رقم البدالة (0662231015-0662231014)

ح-   پسپۆری راهێنان لەسەر قسەکردن .

خ-   پسپۆری پەروەردەی تایبەت.

**ماددەی ( ١٠ )مەرجەکانی وەرگرتن و دابڕان :**

**یەکەم:** مەرجەکانی وەرگرتن :

**أ-** دانیشتووی هەرێم بێت.

**ب-** نەخۆشی گواستراوەی نەبێت .

**ت-** تەمەنی لە ( ٢ ) دوو ساڵ کەمتر نەبێت.

**ث-** دەستنیشان کرابێت لەلایەن لێژنەی هونەری

**دووەم:** مەرجەکانی دابڕان :

**أ-**   ئەگەر تووشی نەخۆشی گواستراوە بوو.

**ب-** ئەگەر دەرکەوت دواکەوتنی ژیری توندی هەبوو.

**ماددەی (١١) مەرجەکانی پێویست لە باڵەخانەی سەنتەری ئۆتیزم :**

**یەکەم :** شوێنی جوگرافی گونجاو بێت کە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت دەستنیشان دەکرێت، لەناوچەیەك کە پێویستی بە خزمەتگوزاری پەروەردەی تایبەت وراهێنان هەبێت.

**دووەم :** باڵەخانەکە سەربەخۆ بێت و هاوبەش نەبێت لە ڕێڕەو وخزمەتگوزارییەکانی باڵەخانەیەکی تر و رووبەری لە **( ٦٠٠ ) م ٢** کەمترنەبێت، و تەنها نهۆمی خوارەوە تایبەت دەکرێت وبەکاردێت بۆ مندالان.

**سێیەم :** پێویستە باخچەو یاریگای گونجاوی هەبێت .

**چوارەم:** دیوارەکانی دەرەوەی سەنتەر دەبێت بەرزیەکەی لە **( ٢ ) م** کەمتر نەبێت .

**پێنجەم :** رووبەری پۆلەکان لە **( ٤ × ٥ ) م٢** کەمتر نەبێت .

**شەشەم :** بەرزایی پەنجەرەکان لە **( ١ ) مەتر** وبە سەرەوە بێت .



Email: info@molsa-krg.com
Site: www.molsa-krg.com
**ناونیشان:** هەولێر – بەرامبەر (کتێبخانەی گشتی کۆن)- ژمارەی بەداڵە (0662231015 -0662231014)
**العنوان :** أربيل- مقابل المكتبة العامة القديم – رقم البدالة (0662231015-0662231014)

**حەفتەم :** دیوارەکانی تا بەرزایی **( ١٢٥ ) سم** بە مۆکێت یان کەرەستەی پلاستیکی نەرم داپۆشراوبێت. وە پلاك و سویچی کارەبا لەسەرووی ئەم بەرزاییە بێت .

**هەشتەم :** بوونی هۆڵێ چالاکی وەرزشی ناوەوەی سەنتەر کە رووبەرەکەی لە **( ٤ × ١٠) م٢** کەمتر نەبێت .

**نۆیەم :** دەرگای سەرەکی پێویستە بەشێوەیەکی ئەلکترۆنی کاربکات و پاسۆردی هەبێت تەنها لەلایەن کارمەندانی سەنتەر بکرێتەوە .

**دەیەم :** هەبوونی نۆرینگەی پزیشکی کە سەرجەم پێداویستیەکانی تەندروستی لەخۆ بگرێت .

**یازدەهەم :** پرسگە دەبێت لە دەرەوەی دەرگای سەرەکی سەنتەر بێت.

**دوازدەهەم:** هەبوونی سیستەمی کامێرای چاودێری لە ناو سەنتەر بۆ چاودێری گشت بەشەکانی سەنتەر .

**سیازدەهەم:** بوونی ژوورەکانی بەڕێوەبردن وکارگێری وخزمەتگوزاری بە پێی پێویست .

**چواردەهەم:** بوونی هەردوو جۆری ئاودەستی شەرقی و غەربی لە ناو سەنتەر.

**پازدەهەم:** بوونی مەرجەکانی تەندروستی لە بینایەکە:

- **أ-** سیستەمی فێنك کەرەوە و گەرم کەرەوەی پێویست و سەلامەت.
- **ب-** سیستەمی هەواگۆرکێی گونجاو.
- **ت-** رووناکی باش وگونجاو.

**شازدەهەم :** دابینکردنی سیستەمی ئاگرکوژێنەوە کە سەرجەم رووربەی باڵەخانەکە بگرێتەخۆی بەپێی مەرجەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی وهەبوونی دەروازەی فریاکەوتن.




Email: info@molsa-krg.com
Site: www.molsa-krg.com
**ناونیشان:** هەولێر – بەرامبەر (کتێبخانەی گشتی کۆن)- ژمارەی بەداله (0662231014 -0662231015)
**العنوان :** أربيل- مقابل المكتبة العامة القديم – رقم البدالة (0662231014-0662231015)

**ماددەی (١٢) شێوازی ڕێکخستنی پۆلی فێرکاری ئۆتیزم :**

**یەکەم :** تەرخان کردنی گۆشەی بەرامبەر دەرگای پۆل بۆ دۆلابەکانی پاراستنی هۆکارەکانی فێرکردن و ئەو پێداویستیانەی کەلێی دروست دەکرێن لەگەڵ کەل و پەلەکانی تایبەت بە مندالانی پۆل و جێگەی جل هەڵواسین لەگەل تەرخانکردنی بۆشاییەك لە تەنیشتیان بۆ هەڵواسینی خشتە و پلانی ڕۆژانە و هەفتانە .

**دووەم :** تەرخان کردنی گۆشەی دووەم بۆ کۆمپیتەرەکانی فێرکاری نوێ کە سەرنجی منداڵ رابکێشێت .

**سێیەم :** تەرخان کردنی گۆشەی سێیەم بۆ چالاکیە پراکتیکیەکان لەلایەن مامۆستایان و منداڵەکان لەراهێنانەکانی فێرکاری و شیاندن .

**چوارەم :** تەرخان کردنی ناوەراستی ژووری پۆل بۆ دانیشتنی منداڵەکان بەشێوەی نیوە بازنەیی و مامۆستاکانبەرامبەریان دەبن بەمەبەستی کۆنترۆل کردن و بینین و بەشداری پێکردنی هەموو منداڵەکان لەوانە تیۆرییەکان بە بەکارهێنانی هۆکاری فێرکردنی بینراو وبیستراو و بەرجەستە.

**پێنجەم :** نابێت کەل و پەلی لە شووشە درووستکراو و تیژو بریندارکەر و پەت و داو و وایەر لە پۆلداهەبێت .

**ماددەی (١٣) بەرنامە و پرۆگرام :**

**یەکەم :** وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تەندروستی و پەروەردە و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە شەبەنگی ئۆتیزم لیژنەیەك بۆ دانانی بەرنامەو پرۆگرام پێکدێنێت لە :

**أ-** پزیشکی پسپۆڕ لە بواری ئۆتیزم .

**ب-** شارەزای پەروەردەیی و فێرکاری .

**ت-** توێژەری دەروونی.

**ث-** توێژەری کۆمەڵایەتی.

**ج-** کەسانی پسپۆڕ لەم بوارە.



Email: info@molsa-krg.com
Site: www.molsa-krg.com
ناونیشان: هەولێر – بەرامبەر (کتێبخانەی گشتی کۆن)- ژمارەی بەدالە (0662231014 -0662231015)
العنوان : أربيل- مقابل المكتبة العامة القديم – رقم البدالة (0662231014-0662231015)

**دووەم :** پرۆگرام و بەرنامەکانی فێرکردن وشیاندن بە شێوازی تیۆری و پراکتیکی دەبێت، بەڕێگای تاکەکەسی و کۆمەڵ کە لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ لە بواری پەروەردەیی و فێرکاری و تەندرووستی و دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە دادەنرێت.

**ماددەی (١٤) ستافی سەنتەر:**

**یەکەم : بەڕێوەبەر :**

هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی تایبەتمەند وشارەزا بێت لەم بوارە و، ئەرکەکانی بریتی دەبێت لە :

**أ-** بەڕێوەبردنی سەنتەر و بەرپرسیاریەتی هەموو چالاکی و بەڕێوەچوون و دابەش کردنی ئەرکی ستافی سەنتەر و چاودێری کارەکان و هەر شتێکی تر کە پەیوەست بێت بەم پرۆسەیە لە ئەستۆیەتی .

**ب-** بەرزکردنەوەی راپۆرتی مانگانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی.

**دووەم : یاریدەدەر :**

دەبێت هەمان بڕوانامە و شارەزایی بەڕێوەبەری هەبێت و ئەرك و دەسەڵاتەکانی لەلایەنبەڕێوەبەرەوە دیاری دەکرێتبەرەچاوکردنی بەرژەوەندی کار.

**سێیەم : توێژەر :**

هەبوونی توێژەری دەروونی، کۆمەڵایەتی بۆ هەر ١٠ منداڵ توێژەرێك، و ئەرکەکانیان ئەمانەن:

**أ-** دیراسەکردنی باری منداڵەکان .

**ب-** هەماهەنگی لەگەڵ خێزانی منداڵەکان و سەردانیکردنیان بەبەردەوامی.

**ت-** کردنەوەی دۆسیەی تایبەت بە منداڵەکان .

**ث-** بەرزکردنەوەی راپۆرت دەربارەی منداڵەکان .

**ج-** هاوکاری کردنی مامۆستاکان .

**چوارەم : مامۆستا:**



Email: info@molsa-krg.com
Site: www.molsa-krg.com
**ناونیشان:** هەولێر – بەرامبەر (کتێبخانەی گشتی کۆن)- ژمارەی بەدالە (0662231014 -0662231015)
**العنوان :** أربيل- مقابل المكتبة العامة القديم – رقم البدالة (0662231014-0662231015)

هەبوونی ژمارەیەك لەمامۆستا بەتێكڕای بۆ هەر( ٥) منداڵ مامۆستایەك، ودەبێت دەرچووی یەكێك لە كۆلێژەكانی بنەرەت یان هاوتاكانی بێت و شارەزایی لە **(٢) دوو ساڵ** كەمتر نەبێت یان دەرچووی یەكێك لە پەیمانگاكانی پەروەردەیی و فێركاری بێت شارەزایی لە **( ٤ ) چوار ساڵ** كەمتر نەبێت وە راهێنراوبن لەسەر پەروەردە و راهێنان و شیاندنی منداڵی شەبەنگی ئۆتیزم ، و هەر مامۆستایەك یاریدەدرێكی هەبێت كە بڕوانامەكەی لە ئامادەیی كەمتر نەبێت.

**ئەركەكانی مامۆستا :**

**أ-** بۆ چارەسەركردنی تاك هەر مامۆستایەك فێركردنی یەك یان دوو منداڵ لە ئەستۆ دەگرێت

**ب-** مامۆستایانی پۆلەكە پێكەوە هاوكاردەبن و بەشداری لەگەڵ یەكتری دەكەن لە پرۆسەكە لەو بڕگانەی كە دەبێت بە كۆمەڵ و پێكەوە ئەنجامی بدەن لە پێناو سەركەوتن لە كارەكەیان.

**ت-** تەرخانكردنی ماوەیەك لە كۆتایی دەوام بۆ دانانی پلانی رۆژی دواتر و ئامادەكردنی هۆكاری فێركردنی پێویست بۆی .

**ث-** دانانی پەڕاوێك بۆ نووسینی ئەو زانیاریانەی رۆژانە دەداتە منداڵەكە و ناردنی بۆ خێزانەكەی بۆ ئەوەی ئەوانیش بە كاریبهێنن لە بواری مامەڵەكردن و فێركردن و شیاندنیان .

**ج-** هەڵسەنگاندنی منداڵەكان لە رووی ئاستی فێربوون و بەرەوپێشچوونەوە .

**پێنجەم : چارەسەركاری سروشتی :**

هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە چارەسەری سروشتی و شارەزا بێت لەگەڵ بوونی ژمارەیەك لە یاریدەدر بەپێی پێویست.


Email: info@molsa-krg.com
Site: www.molsa-krg.com
ناونیشان: هەولێر – بەرامبەر (كتێبخانەی گشتی كۆن)- ژمارەی بەدالە (0662231015 -0662231014)
العنوان : أربيل- مقابل المكتبة العامة القديم – رقم البدالة (0662231015-0662231014)

**شەشەم : چارەسەركاری وەزیفی :**

هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە چارەسەری وەزیفی بێت یان پەروەردەی تایبەت بە تێكڕای بۆ هەر **(١٠)** منداڵ چارەسەركارێك ، هەڵدەستێت بە فێركردنی منداڵ لەسەر هەڵسوكەوتی ڕۆژانە.

**حەفتەم : پسپۆری ڕاهێنان لەسەر قسەكردن :**

پسپۆر یان راهێندراو بێت لەسەر قسەكردن بۆ هەر **(١٠)** منداڵ ڕاهێنەرێك.

**هەشتەم : ڕاهێنەری هونەری :**

دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەكان بێت **(نیگاركێشان، مۆسیقا)** و راهێنراو بێت لەسەر چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ منداڵانی شەبەنگی ئۆتیزم.

**نۆیەم : مامۆستای وەرزشی :**

دەرچووی كۆلیژ یان پەیمانگای وەرزشی بێت راهێنراو بێت لەم بوارە.

**دەیەم /چاودێر :**

پێویستە بەلایەنی كەم دەرچووی **( ٩ ) ی بنەڕەتی** بیت ، ئەركەكانی ئەمانەن :

**أ-** چاودێری لە هەموو جێگایەكی سەنتەر بوونی دەبێت ، لە ڕێڕەو و گۆڕەپان و باخچە و هۆلەكان و ئاودەست ... هتد.

**ب-**هەر ( ٤ ) چوار منداڵ ، یەك چاودێری دەبێت .

**یازدەهەم: فەرمانبەری IT :**

پێویستە **(٢) دوو** فەرمانبەر هەبێت كە پسپۆربن لە بواری ئایتی و كۆمپیوتەر ، ئەركەكانیان ئەمانەن :

**أ-** داخل كردنی زانیاریەكانی رۆژانە كە لە سەر منداڵانی سەنتەر وەردەگیرێت .



Email: info@molsa-krg.com
Site: www.molsa-krg.com
**ناونیشان:** هەولێر – بەرامبەر (كتێبخانەی گشتی كۆن)- ژمارەی بەداله (0662231015 -0662231014)
**العنوان :** أربيل- مقابل المكتبة العامة القديم – رقم البدالة (0662231015-0662231014)

ب- شیکردنەوەی زانیاریەکان و خستنەڕووی دەرەنجامەکان و ئاگادار کردنەی بەڕێوەبەر و ماموستایان و توێژەران مانگانە .

ت- کردنەوەی دۆسیەیەکی تایبەت بە نووسین و بە کۆمپیوتەر بۆ هەر منداڵێك کە بریتی دەبێت لە فۆڕمی وەرگرتن و بڕیاری لیژنەی پزیشکی و راپۆرت و زانیاریەکان کە لەلایەن توێژەرو ماموستایان دەنووسرێت .

ث- رایکردنی نووسراو و ئەرشیفی کارگێڕی .

**دوازدەهەم : فەرمانبەری ژمێریاری :**

دەرچووی یەکێك لە کۆلیژ یان پەیمانگاکانی ژمێریاری بێت بە مەبەستراگرتنی داهات و خەرجیەکان و هاوسەنگیان لە سەنتەر .

**سێزدەهەم/ دایەن :**

بۆ هەر **(٥)** منداڵ دایەنێك .

**چواردەهەم / فەرمانبەری خزمەتگوزاری :**

بەپێی پێویست بۆ پاك راگرتنی سەنتەر **(پاككەرەوە، پاسەوان، باخەوان )**

**پازدەهەم / فەرمانبەری پرسگە .**

**ماددەی (١٥) دەوامی سەنتەر :**

**یەکەم / دەوامی ساڵانە :**

أ- دەوامی ساڵانە لەم سەنتەرانە لە **(٨/١)** دەست پێدەکات تاوەکو **(٦/٣٠)** ی ساڵی دواتر

ب- پرۆگرامی چالاکی هاوینە لەلایەن سەنتەرەوە دەدرێتە خێزانەکان بۆ جێبەجێکردنی وبەدواداچوونی بۆدەکرێت لەلایەن توێژەری کۆمەڵایەتی ودەروونی.

**دووەم : دەوامی هەفتانە :**

أ- دەوامی هەفتانەی سەنتەرەکان **( ٥ )** رۆژە لە هەفتەیەکدا .



Email: info@molsa-krg.com
Site: www.molsa-krg.com
ناونیشان: هەولێر – بەرامبەر (کتێبخانەی گشتی کۆن)- ژمارەی بەدالە (0662231015 -0662231014)
العنوان : أربيل- مقابل المكتبة العامة القديم – رقم البدالة (0662231015-0662231014)

ب- رۆژانە دەوام ( ٦ ) کاتژمێر دەبێت لە کاتژمێر ( ٨ ) ی سەرلەبەیانی دەست پێدەکات تا کاتژمێر ( ٢ )ی پاش نیوەڕۆ.

ت- هەموو پشووە فەرمیەکان دەیانگرێتەوە .

**ماددەی (١٦)**

سەنتەر هەڵدەستێت بە کردنەوەی خولی راهێنان بۆ:

**یەکەم :** خێزانی منداڵەکانی شەبەنگی ئۆتیزم و بوونی هەماهەنگی بەردەوام لە نێوانیان بۆ بەدواداچوونی رەوشی منداڵەکان .

**دووەم :** خێزانی ئەو منداڵانەی کەتەمەنیان نەگەیشتۆتە دووساڵ ، و نیشانەی شەبەنگی ئۆتێزمیان لێ بەدی دەکرێت.

**ماددەی (١٧) هەڵسەنگاندن :**

**یەکەم :** فۆرمی هەڵسەنگاندن رۆژانە لەلایەن مامۆستای تایبەت بە منداڵەکەوە لە کۆتایی دەوام پڕدەکرێتەوە و پێشکەش بە بەشی زانیاریەکانی سەنتەر **(IT)** دەکرێت بۆ داخل کردنیان لەسەر کۆمپیوتەر و جیاکردنەوە و شیکردنەوەیان وە دەرئەنجامەکان مانگانە دەدرێتەوە بەڕێوەبەری سەنتەر و مامۆستایان و توێژەران ، و لە کۆتایی ساڵدا دەرئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی کۆتایی لەناو تۆماری تایبەت بە وەرگرتنی قوتابیان تۆماردەکرێت لەگەڵ تۆماری هەڵسەنگاندنەکان کە بە دەستەواژەی **( زۆر باشە ، باشە ، مام ناوەند)** دادەنرێت بەگوێرەی فۆرمێک کەلەلایەن وەزارەت ئامادە کراوە.

**دووەم :** سەنتەرەکان **(٣)مانگ** جارێك راپۆرت بەرزبکەنەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی و پاشان بۆ وەزارەت .


Email: info@molsa-krg.com
Site: www.molsa-krg.com
ناونیشان: هەولێر – بەرامبەر (کتێبخانەی گشتی کۆن)- ژمارەی بەدالە (0662231015 -0662231014)
العنوان : أربيل- مقابل المكتبة العامة القديم – رقم البدالة (0662231015-0662231014)

**ماددەی (١٨)**

ئەگەر منداڵەکە بەرەو پێشچوونی هەبوو لە رووی شیاندنەوە ، دەگوازرێتەوە قوتابخانەیەکی سەر بە وەزارەتی پەروەردە نزیك شوێنی نیشتەجێ بوونی کە پۆلەکانی پەروەردەی تایبەتی هەبێت.

**ماددەی (١٩)**

بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کەمئەندامان خزمەتی تەندروستی و راهێنان و شیاندن و خۆشگوزەرانی پێشکەش دەکەن بە منداڵانی سوودمەند لە سەنتەرەکانی حکومی لەگەڵ دابین کردنی کەلوپەل و هۆکاری شیاندن و راهێنان و فێرکردن بۆیان کە یارمەتیدەرن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و شیاندن لە رووی تیۆری و پراکتیکی بە هاوکاری وەزارەتەکانی تەندروستی و پەروەردە.

**ماددەی (٢٠)**

سەنتەر پێویستە پابەندبێت بەم خاڵانەی خوارەوە :

**یەکەم** : ئاگادارکردنەوەی کەس و کاری سوودمەندان لە کاتی نەخۆش بوون و زیان پێگەیاندنیان.

**دووەم** : ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار لە کاتی گواستنەوەی شوێنی سەنتەر لە بینایەکەوە بۆبینایەکی تر یاخود فراوان کردنی بیناکە.

**سێیەم** : وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت لە کاتی گۆڕانکاری و چاککردنی پەیڕەوی ناوخۆیی سەنتەر.


Email: info@molsa-krg.com
Site: www.molsa-krg.com
ناونیشان: هەولێر – بەرامبەر (کتێبخانەی گشتی کۆن)- ژمارەی بەداڵە (0662231014 -0662231015)
العنوان : أربيل- مقابل المكتبة العامة القديم – رقم البدالة (0662231014-0662231015)

**ماددەی (٢١)**

وەزیر یانە ئەو کەسەی دەسەڵاتی لەلایەن وەزیرەوە پێ دەدرێت بۆی هەیە ئەم ڕێککارانە بگرێتەبەر لەکاتی سەرپێچی کردنی ڕێنماییەکانی وەزارەت:

**یەکەم :** ئاگادار کردنەوە.

**دووەم :** هۆشداری  دوای **پازدە ڕۆژ** لە ئاگادارکردنەوە.

**سێیەم :** سەندنەوەی مۆڵەت و داخستنی سەنتەر لەلایەن وەزیر، دوای ئاراستەکردنی هۆشداری پاش تێپەڕبوونی **( ١ ) مانگ** ئەگەر بەردەوام بوو لەسەر سەرپێچیەکان.|

**ماددەی (٢٢)**

ئەم ڕێنماییە جێ بە جێ دەکرێت لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان .

**د ريَكەوت حمەرشيد**

**وەزيری کار وكاروباری كۆمەڵايەتی**

**بەوەكالەت**

وێنەیەك بۆ/

- و. داد/ ب . رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی لەگەڵ ریزدا .
- ب.گ چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی /هەولێر/ سلێمانی/ دهۆك/ هەڵەبجە/ گەرمیان ، بۆ کاری پێویست ، لەگەڵ ریزدا .
- بۆردی یاسایی/لەگەڵ بەرایییەکان .
- کاروباری هونەری .
- ب.کاروباری یاسایی /لەگەڵ بەرایییەکان .
- خولاو .

**25/10/2018   Awaz**

Email: info@molsa–krg.com
Site: www.molsa–krg.com
**ناونیشان:** هەولێر – بەرامبەر (کتێبخانەی گشتی کۆن)- ژمارەی بەدالە (0662231014- 0662231015)
**العنوان** : أربيل- مقابل المكتبة العامة القديم – رقم البدالة (0662231014-0662231015)